لە شاری مەریوان هەرزەکارێک دایک و باوک و خوشکەکەی دەکوژێت



بەپێی میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مەریوان کوڕێکی تەمەن 17 ساڵان باوک و دایک و خوشکی خۆی کوشتووە، کوڕەکە دوای گەڕانەوە لە قوتابخانە تۆقێی لە دایک و باوک و خوشکەکەی کردووە.

لەم بارەیەوە، عەلی ئازادی فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای سنە ڕایگەیاند، "بکوژی سێ ئەندامی خێزانەکیان لە مەریوان دەستگیرکرا کە کوڕی ماڵەکەیە و لە لێکۆڵینەوەکاندا دانی بەوە داناوە بەهۆی کێشە و ناکۆکیی خێزانی، باوک، دایک و خوشکەکەی کوشتووە".

محەممەد نەزەریی 43 ساڵان و هاوژینەکەی بەگەرد ساحیی 38 ساڵان و مەهنا نەزەری کە تەمەنی 12 ساڵ بوو، لە گەڕەکی نێ بەهاری مەریوان کوژران لەلایەن کوڕەکەیانەوە.